گەنجانی داکۆکیکار لەسەروەریی و پیرۆزییەکانی کوردستان: چیتر چاوەڕوان نابین

لەسەر ئەو بێڕێزییەی بەرامبەر پیرۆزییەکانی نەتەوەکەمان دەکرێ لەلایەن هەندێ گۆڤارو ماڵپەڕی ئەلیکترۆنییەوە، کۆمەڵێک گەنجی کورد بەناوی (گەنجانی داکۆکیکار لە لەسەروەریی و پیرۆزییەکانی کوردستان) بەیاننامەیەکیان بڵاوکردۆتەوەو لەڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە کۆپیەکی گەیشتۆتە خەبات، بەپێویستمان زانی وەکو خۆی بڵاوی بکەینەوە، بەو ئومێدەی نووسەرو ڕۆژنامەنووسانی کورد ڕێز لە پیرۆزییەکان بگرن و خۆیان نەکەنە داردەستی دوژمنان کە هەمیشە کار دەکەن و دەخوازن مێژووی پر لەشکۆو مەینەتیمان بشێوێنن. ئەمەش دەقەکەیەتی:

گەلی کوردستان پاش خەبات و ماندووبوونێکی بێتوچان و پێشکەشکردنی گیانی هەزاران لاو و گەنجی وڵات لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی لە پارچەیەک لە کوردستانی داگیرکراو توانی ئازادییەکی نیمچە ڕەها بۆ تەواوی لایەنە سیاسی و پێکهاتەکانی باشووری کوردستان دابین بکات، ئازادییەک کە بە بەهای پیرۆزترین سەروەتی مرۆڤایەتی و خوێنی گەنجان و کۆمەڵێک سەرکردەی لێهاتوو و بێ وێنەی کورد و کوردستان دابینکراوە، بۆ ئەوە نەبووە کە لایەن و خەڵکانێکی هەڵپەرست ئەمڕۆ لە سایەی بەرهەمی خوێن و ماندووبوونی ئەو کەڵە پیاوانە بە ناوی ئازادی و لێکدانەوەی سیاسی و ئەکادیمی تیبروتوانج بگرنە ئەو مێژووە پڕ لە سەروەریە و ئەو زاتە پیرۆزانەی نەک تەنیا بۆ ئێمەی نەوەی نوێ و گەنجانی ئازادیخواز زۆر دەمێکە بوونەتە سەرمەشق و سمبولی بەرخودان و خۆراگری و گیانی فیدایی، بەڵکو بۆ تەواوی پێکهاتە و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانیش، ئێمە گەنجانی داکۆکیکار لە سەروەری و پیرۆزییەکانی کوردستان بە هەموو لایەک ڕادەگەیەنین کە چیتر چاوەڕوان نابین و دەستەوەستان دانانیشین لەبەرامبەر ئەو هەموو بێڕێزی و بێحورمەتیەی بەرامبەر بە سەرکردەکان و سمبولەکانی کورد دەکرێت.

لە هەمانکاتدا بێدەنگی حکوومەتی هەرێم و ئەو لایەنانەی بەشدارن لەو حکوومەتە سەرکۆنە دەکەین و داوایان لێدەکەین کە بە ئەرکی یاسایی و ئەخلاقی خۆیان هەڵبستن و بەبێ دەنگی خۆیان نەبنە پردێک بۆ بێڕێزی بە پیرۆزییەکانی وڵات کە بەداخەوە هەندێکجار هەست دەکرێت خەڵکانێکی نابەرپرس لەملاو ئەولا بە ناڕاستەوخۆ بەشدارن لە هاندان و ڕێخۆشکردن بۆ ئەو تاقمەی ئەرکی سەرەکی خۆی لە بێڕێزی و جنێودان بە مێژوو و سەروەرییەکانی کوردستان دەبینێتەوە.

لێرەوە داوا لە گەنجانی هاوخەبات و هاوبیرانمان لە تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەکەین کە دەنگیان بەرز ڕاگرن و چیتر ڕێگا نەدەن کە یاری و گاڵتە بە خوێنی شەهیدان و سەرکردەکانی وەک پێشەوا قازی محەمەد و ژەنەرال مستەفا بارزانی بکرێت و ئەو خەڵکەی بەو کارە هەڵدەستن ریسوا و شەرمەزار بکرێن، ئێمە لەلای خۆمانەوە بە هەموو شێوازێک ئامادەین گیانفیدا بکەین و دەست لە هیچ کەس ناپارێزین کە سنووری ڕێز و ئازادی خۆی و خەڵکانی دیکە نەزانێت.

ڕۆژ ڕۆژی هەڵمەتە و کۆڕی خەبات چاوەڕێی گەنجانی خوێن گەرم و دەست و بازووی ئێوەیە، لە کۆتاییدا ڕایدەگەیەنین ئەو کەس و تاقمانە یان دەبێ داوای لێبوردن لە خەڵکی بە شەرەفی کوردستان بکەن یان دەبێ باجی ئەو ڕەفتارانە بدەنەوە و چیتر چاوەڕوان نابین.

گەنجانی داکۆکیکار لەسەروەری و پیرۆزییەکانی کوردستان
هەرێمی کوردستان
2010/8/4

بەکوڕنوشەوە بچنە خزمەت سەرکردەکانمان

زانکۆ محەمەد ئەحمەد

بۆ جارێکی دیکەو لەرێگەی چەند بەکرێگیراوێکی هەمیشەیی لەناو کوردستاندا، پاش ئەو پیلانە نەگریسانەیان لەبەرامبەر ئەمن و ئاسایش و کەسایەتییە دیارەکانی کوردستان گرتوویانە بەرو لەکۆتاییشدا لەرووڕەشی دنیا و نەفرەتی میللەت بەولاوە هیچی دیکەیان بۆ نەمایەوە و بووە هۆی تووڕەبوونی ناحەزانی کورد، وا ئەمجارەش لەرێگای گۆڤارێکی خۆفرۆشی بەکرێگیراوی ناحەزو دوژمنی کوردەوە، بەهەموو بێحورمەتییەکانیانەوە نەوەستان و دەستی چەپەڵیان بۆ سەرکردە نەمرەکانمان درێژکرد، کە هەرچەندە زۆرباش لەوە ئاگادارن ئەوانەی باسی دەکەن لەچەند قسەیەکی پڕوپوچی بابردوو زیاتر شتێکی ئەوتۆی تێدا نابینرێت کە شیاوی ئەوەبێت میللەتەکەمان گوێی بۆ بگرێت.

بەکرێگیراوان و ئەوانەی چڵکاوخۆریی بۆ ناحەزو دەستە ڕەشە دەرەکییەکان دەکەن، بەهەموو غیرەتیانەوە توانج دەگرنە سەرکردەکانی وەک بارزانیی نەمرو قازی محەمەد، ڕابردووی ئەم دوو سەرکردەیە ڕوونە، کە ژیانیان لەپێناو میللەت و سەرخستنی خواستی گەلەکەیاندا خەبات و شۆڕش و گیانفیداییان هەڵبژاردو هەر شەونخونی ئەو نەمرانەش بوون، کوردیان گەیاندە ئەم قۆناغەی ئەمڕۆمان، بۆیە شیاو نییە بۆ ئەو جۆرە کەسانە، پەلامارە ناڕاست و درۆینەکانیان بگوازنەوە بۆ سیبمولی میللەتەکەمان.

سەرکردەکانی کوردستان لەسەردەمانی شۆڕش و بەرخوداندا ئەوەی بیریان لێنەکردبێتەوە، ئەو بوختانە نادروستانەی ئێوەبووە کە ئێستا لەجیاتی ستایشکردنیان بۆیان هەڵدەبەستن، ئەوان لەپێناو سەرکەوتن و یەکگرتنی ئێرادەی میللەتێکی پارچە پارچەکراودا خەباتیان کردو درێژەی خەباتەکەشیان ئێستاش بەردەوامەو میللەتی کوردی گەیاندۆتە چەند ئامانجێکی ڕەوای خۆی کە ئێوەی بێچاو و گوێ نایبینن و نایبیستن، دەبێ ئێمەی کورد بەوانەشەوە کە جارێ خۆفرۆشیی خۆیان بەبێ ڕەچاوکردنی ویست و ئارەزووەکانی کورد و پێکهاتە ڕەسەنەکانی دیکەی ویلایەتی مووسڵ و شار و ناوچە کوردنشینەکانی سەر بە ویلایەتی بەغدا، ئەوە بوو ئێراقی وەکو (وڵاتێکی) وابەستە بە خۆی لەو سێ ویلایەتە دوستکرد، بۆیە لەئاکامی ئەو سیاسەت و تێکهەڵکێشە ناتەندروست و نارەوایە تاکو ئێستاش ئێراق نەیتوانیوە وەکو پێویست بێتە وڵاتێکی یەکگرتووی ئارام و سەقامگیر و خاوەن سیستەمێکی سیاسی و دامەزراوەیی ئەوتۆ، کە ماف و بەرژەوەندییەکانی گشت نەتەوە و پێکهاتەکانی لەبەرچاو بگرێت، منیش پێمایە کاتی ئەوەکاتی ئەوە هاتووە ئەو تێکهەڵکێشە نامۆیە هەڵبوشێتەوە و بگۆڕێت بۆ سێ یان چوار یان چەند هەرێمێکی فیدراڵی، بەمەرجێک لە بڕی ویلایەتی مووسڵی پێشوو، کە بەشی هەرە زۆری خواروو ئەوە بوو کە لایەن و خەڵکانێکی هەڵپەرست ئەمڕۆ لە سایەی بەرهەمی خوێن و ماندووبوونی ئەو کەڵە پیاوانە بە ناوی ئازادی و لێکدانەوەی سیاسی و ئەکادیمی تیبروتوانج بگرنە ئەو مێژووە پڕ لە سەروەریە و ئەو زاتە پیرۆزانەی نەک تەنیا بۆ ئێمەی نەوەی نوێ و گەنجانی ئازادیخواز زۆر دەمێکە بوونەتە سەرمەشق و سمبولی بەرخودان و خۆراگری و گیانی فیدایی، بەڵکو بۆ تەواوی پێکهاتە و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانیش، ئێمە گەنجانی داکۆکیکار لە سەروەری و پیرۆزییەکانی کوردستان بە هەموو لایەک ڕادەگەیەنین کە چیتر چاوەڕوان نابین و دەستەوەستان دانانیشین لەبەرامبەر ئەو هەموو بێڕێزی و بێحورمەتیەی بەرامبەر بە سەرکردەکان و سمبولەکانی کورد دەکرێت.

لە هەمانکاتدا بێدەنگی حکوومەتی هەرێم و ئەو لایەنانەی بەشدارن لەو حکوومەتە سەرکۆنە دەکەین و داوایان لێدەکەین کە بە ئەرکی یاسایی و ئەخلاقی خۆیان هەڵبستن و بەبێ دەنگی خۆیان نەبنە پردێک بۆ بێڕێزی بە پیرۆزییەکانی وڵات کە بەداخەوە هەندێکجار هەست دەکرێت خەڵکانێکی نابەرپرس لەملاو ئەولا بە ناڕاستەوخۆ بەشدارن لە هاندان و ڕێخۆشکردن بۆ ئەو تاقمەی ئەرکی سەرەکی خۆی لە بێڕێزی و جنێودان بە مێژوو و سەروەرییەکانی کوردستان دەبینێتەوە.

لێرەوە داوا لە گەنجانی هاوخەبات و هاوبیرانمان لە تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەکەین کە دەنگیان بەرز ڕاگرن و چیتر ڕێگا نەدەن کە یاری و گاڵتە بە خوێنی شەهیدان و سەرکردەکانی وەک پێشەوا قازی محەمەد و ژەنەرال مستەفا بارزانی بکرێت و ئەو خەڵکەی بەو کارە هەڵدەستن ریسوا و شەرمەزار بکرێن، ئێمە لەلای خۆمانەوە بە هەموو شێوازێک ئامادەین گیانفیدا بکەین و دەست لە هیچ کەس ناپارێزین کە سنووری ڕێز و ئازادی خۆی و خەڵکانی دیکە نەزانێت.

ڕۆژ ڕۆژی هەڵمەتە و کۆڕی خەبات چاوەڕێی گەنجانی خوێن گەرم و دەست و بازووی ئێوەیە، لە کۆتاییدا ڕایدەگەیەنین ئەو کەس و تاقمانە یان دەبێ داوای لێبوردن لە خەڵکی بە شەرەفی کوردستان بکەن یان دەبێ باجی ئەو ڕەفتارانە بدەنەوە و چیتر چاوەڕوان نابین.

گەنجانی داکۆکیکار لەسەروەری و پیرۆزییەکانی کوردستان
هەرێمی کوردستان
2010/8/4

ئێراق چی بەسەر دێت...؟

دکتۆر ناسیح غەفور: لەئاکامی ئەو سیاسەت و تێکهەڵکێشە ناتەندروست و نارەوایە ئێراق نەیتوانیوە ببێتە وڵاتێکی یەکگرتووی ئارام و سەقامگیر

خەبات: ئاسۆ

ئێراق، جگە لە ناوێک، مانایەکی ئەوتۆی وڵاتبوونی تێدا نییە، چونکە بنەماکانی دامەزراندنی ئەم وڵاتە لەسەر جۆر و چۆنیەتی بەڕژەوەندیی دەرەکی دانراوە، کورد ویستی ئەوە نەبووە و نابێت لە چوارچێوەی ئەم وڵاتە بێت، بەڵام واقیعێک دروستبووە، دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەگەرچی ئەم وڵاتە هیچ پەیوەستبوونێکی بە کوردەوە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە لەگەڵ ڕەوتی نێوخۆی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی کورد خۆی گونجاندووە، بۆ ئەوەی دووڕە پەرێز بێت لە تاوانبارکردنی، چاودێرانی سیاسی و مێژووی و کلتووری ئێراق بە عەرەبەکانیشەوە، ئەو ڕاستییە ناشارنەوە ئەم وڵاتە بەهۆی پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکەی هیچ کاتێک ناتوانرێت حکووم و سیستەمێکی سیاسی ئەوتۆی تێدا پیادە بکرێت، کە ڕەزامەندی هەموو پێکهاتەکان بێت، خەبات لەم ڕوانگە و لەسەرووبەندی سەرهەڵدانی بنەما سەرەکییەکانی ئەم کێشەیەی ئێراق، هەوڵدەدات بۆچوونی شارەزایان و شرۆڤەکارانی کورد بخاتەڕوو.

دکتۆر ناسیح غەفور

پرۆفیسۆر دکتۆر ناسیح غەفور پسپۆڕ لە بوار یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەوەڵامی ئێراق وڵاتێکی دروستکراوی دوو نەتەوەیی و دوو مەزهەبیە، هەلومەرجی بەڕژەوەندی چەند وڵاتێک دروستیکرد، ئایا ئەم ئێراقە، کاتی نەهاتووە هەڵوەشێتەوە و ببێتەوە سێ ویلایەتەکەی جاران و بە سیاسەتی سەردەمیش بێتەوە سێ هەرێمی فیدراڵ؟ ئامارەی بەوەکرد، لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە ئەنجامی دابەشکردنی میراتی وڵاتانی شکستخواردووی جەنگ بەسەر وڵاتانی سەرکەوتوو لەو جەنگەدا، ئەوە بوو هەر سێ ویلایەتەکانی (مووسڵ و بەغدا و بەسرە) بەر بەریتانیا کەوتوتن، سەرکردەکانی ئەم وڵاتە زلهێزەش لەبەر چاوچنۆکی و بەرژەوەندییەکانی خۆیان (وەکو چۆن ئێستاکە دیپلۆماتکار و نوێنەرانی فەرمی ئەوان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن) بەقامگیر و خاوەن سیستەمێکی سیاسی و دامەزراوەیی ئەوتۆ، کە ماف و بەرژەوەندییەکانی گشت نەتەوە و پێکهاتەکانی لەبەرچاو بگرێت، منیش پێمایە کاتی ئەوەکاتی ئەوە هاتووە ئەو تێکهەڵکێشە نامۆیە هەڵبوشێتەوە و بگۆڕێت بۆ سێ یان چوار یان چەند هەرێمێکی فیدراڵی، بەمەرجێک لە بڕی ویلایەتی مووسڵی پێشوو، کە بەشی هەرە زۆری خواروو کوردستانی لەخۆگرتبوو، پێویستە هەرێمی کوردستان جگە لە هەر سێ پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی تێکڕای ناوچە کوردستانییە دابڕاوەکانی سەر بە پارێزگاکانی ئێستای کەرکووک و مووسڵ و سەلاحەددین و دیالە و کوت لە خۆ بگرێت، ئەمەش ڕێگەچارەیەکی دەستوورییە.

سەرنجی دکتۆری ناوبراومان بۆ ئەو پرسیارە ڕاکێشا، حکوومەتە یەک لە دوایەکانی ئێراق، لە بەردەم کێشە ناوخۆییەکان هەمیشە وەک چاودێرانی سیاسی ئامادەی پێدەکەن هێرشی بۆ سەر وڵاتانی دیکە دەکرد و خۆی لە خودی کێشەکان دەدزیەوە بەتایبەتی ڕژێمی پێشوو، ئایا ئێستا ئەم ئێراقە لاوازە دەتوانێ پشت لە کێشە بنەڕەتیەکانی بکات و حکوومەتێکی لێکێندراوی خاوەن کێشەیەکی قوڵ دروست بکات؟ لەوەڵامدا گوتی: نەخێر ناتوانرێت، بەڵام ئەگەر سەرچاوەکانی دەسەڵات لە مەرجەعیەت و سەرۆک هۆز و کەسایەتییە دەستڕێشتووەکانی پارت و لایەنە سیاسیەکانی عەرەب لە سوننە و شیعەی ئێراق مەبەستمان مانەوەی ئێراقێکی یەکگرتوو بێت، ئەوا پێویستە بەو سیاسەتە پاوانخوازییە شۆڤینییە ڕەگەزپەرستییە شەڕانگێزییەی حکوومەتەکانی پێشووی ئێراقدا بچنەوە و پەند و وانەی لێوەربگرن و بە دروستی پابەندبن بە دەستووری هەمیشەیی ئێراق و بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکەکەی وەکو پێویست ئەبنە هۆکاری هەنگاوی کردەنی کارا بنێن، بۆ پەیڕەوکردنی سستەمی دێموکراتی فیدراڵی و ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی و بەرژەوەندییەکانی گشت پێکهاتەکانی ئێراق بەبێ جیاوازی، بۆ ئەوەی چیتر مافی هیچ لانێک پێشێل نەکرێت، ئەو دەمە کێشە سەرەکییە ئاڵۆزەکان چارەسەر دەکرێن و حکومەتێکی فیدراڵی بنکە فراوانی هاوبەشی نیشتمانی پێکدەهێنرێت، ئێراق لەم بارە ناهەمووارە ترسناکەی ئێستای ڕزگاری دەبێت.

بۆ دڵنیابوون لە وەڵامێکی ئەوتۆ لە دکتۆر ناسیحمان پرسی، پێتانوانییە، بوونی ئەم ناتەبایی و بێمتمانەیی و ڕەتکردنەوەی یەکدی ئاماژە بن بۆ خودی ئەو کێشانەی هەن لەبەردەم زیندووکردنەوەی ئێراقێک کە نە شیعە تێدا سەقامگیرە و نە سوننە و نە کوردیش پێ هەزم ناکرێت و چاوەڕوانی بارودۆخێکی ئەوتۆن ئێراقی لێکێندراو هەڵوەشێتەوە؟ ناوبراو بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە و گوتی: بەڵێ بێگومان ناتەبایی و بێمتمانەیی و ڕەتکردنەوەی یەکدی و نەگەڕانەوەی مافی زەوتکراو بۆ خاوەنەکانیان و بەتایبەتی پابەندبوون بە دەستووری هەمیشەیی ئێراق و جێبەجێکردنی ناوەڕۆکەکەی وەکو پێویست ئەبنە هۆکاری سەرەکی هەڵوەشاندنەوەی ئەم ئێراقە بە زۆرلێکندراوە بەیەکەوە.

بەڕێز دکتۆر ناسیح غەفورمان خستەبەردەم پرسیاری ئایا هێزە ئێراقییەکان درکیان بەوە کردووە، ئێراق بەم جۆرە پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییە ناتوانێت بەردەوامی بە وڵاتێک بدات، کە سەقامگیری سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبی تێدا بەدی نەکرێت؟ کۆمەڵێک هۆکاری نیشاندا بۆ درککردنەکە و گوتی: بێگومان ناکرێت بڵێین دەرکیان بەوە نەکردووە، بەڵام لەبەر ململانێیەکانی نێوان خۆیان لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵات و وەرگرتنی بەرزترین و زۆرترین پلە و پۆست بە هەر ئامراز و جۆرە فرتوفێڵێک بێت، هەموو بیروهۆش و توانایان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و حوکمڕانی تەرخان کردووە، بەتایبەتیش هێز و لایەنە شۆڤینییەکانیان هێشتا هەر چاویان لە ڕۆژانی ڕابردووە و خەون بەوەوە دەبینن ئێراق بگەڕێننەوە دۆخی پێش ساڵی 2003.

لێتان دەوەشێتەوە

ئاسۆ عەلی فەرەج

بەهۆی ملهوڕی و خۆدزینەوە لە واقیع و هەڵبژاردنی ڕێگەی چەواشەکاری و گرتنی سەنگەر لە پارتی دێموکراتی کوردستان، زۆر ستاف و گروپ و هێزی بێهێز هەن خۆیان تاقیدەکەنەوە و لە کوێشدا خاڵێک دژی ئەم پارتە بدۆزنەوە قسوری ناکەن و زیاد لە حەجمی خۆی گەورەتری دەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی ئەمڕۆ لە کوردستان بە ناوی میدیای ئەهلییەوە بوونەتە بڵندگۆ و هەڵقە لە گوێی دەزگا سیخوڕەکانی وڵاتانی دراوسێ! ئەمەیان ئەگەر بەڵگەش نەبێت بۆچوون و ڕاپۆرت و دیانە و جۆر و شێوە و کاتی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیان بەڵگەیەکی زیندوون.

نەک لقێن و ستافەکەی، ئەوانەی لە پشتەوەی ئەم ئەدا بێتەدبییەن سەری هیچیان ناگات بە ڕۆژێک لە بەرخودان و خەباتی بارزانیی نەمر وەک سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، مێژووی خۆمان ناکەین بەپێودر بۆ وەڵامدانەوەی ئێوە، بەڵکو سیاسیی و چاودێرە نێودەوڵەتیەکان شاهیدی ئەو ڕاستییەن بارزانیی نەمر یەکێکە لە سەرکردە هەرە دیار و بەرچاوەکانی ناوچەکە و جیهانی، کە ژیانی خۆی و خانەوادەکەی لە پێناو مافی نەتەوەییدا بەخشیوە و هیچ ساتێکیش ئامادەیی یاخود مەیلی پاشگەزبوونەوەی نەبووە و ئەمڕۆکەش ڕێبازەکەی لەسەر هەمان ڕێچکەیە.

زۆربەی شیکەرەوانی مێژووی نەتەوەیی کورد ئەو خاڵە ئیجابییەیان بۆ مان گێڕاوەتەوە، لە سەردەمانی سەرهەڵدانی بزووتنەوە نەتەواییەتیەکان هەمیشە خەڵکانێک هەبوونە وەک مۆرانە دژی خواستی نەتەوەیی خۆیان وەستاونەتەوە، پێدەچێت ئەمڕۆکەش لقێن و ستافەکەی لەو مۆرانانە بن و لە ڕێگای ئەم جۆرە بێ ئەدەبیانەی کە بە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەیکەن، هەزاران دەستخۆشی و ئافەرین وەرگرن لەلایەن دوژمنانی ڕێبازی نەتەوەیی کورد. ئەگەرنا چ وەزیفەیەکە لقێن کەسێکی سەربە دەزگایەکی سیخوڕی بدوێنێ و سوکایەتی بە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بکات، لە کاتێکیشدا بزانێت ئەو کەسە لە نێو ئەو وڵاتەدا بە دیکۆمێنێتی یەکێک لە گۆڤارەکان نیشاندراوە سەر بە دەزگایەکی سخوڕییە و کۆشش دەکات بۆ ناشیرینکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان.

بەڵام لقێن و ستافەکەی وەک پاڵەوانێک پێشوازی لێدەکەن، ئەمەیە کە مێژوو پێمان دەڵێت: هەمیشە بوونی ئەم جۆرە مرۆڤە لاوازانە لە کۆمەڵگەدا مایەی کەم نیشاندانی نەتەوە یاخود گرووپێکن، زۆرجار گوێبیستی ئەو دێرە پڕ مەعنەوییەی سەرۆک مسعود بارزانی بووینە: ئێمە نابێت بەرامبەر هیچ میللەتێک خۆمان بە کەم بزانێن، باشە ئەی لقێن و بێگانەپەرستەکانی نێو لقێن بۆ ئەوەندە خۆیان و نەتەوەکەیان پێکەمە؟